# به دڵنیاییەوە هەندێك فیتنە وئاشووب ڕوودەدەن، پاشان فیتنەیەك ڕوو دەدات ئەوەی تێیدا دانیشتووە خێرترە لەوەی تێیدا ڕێ دەكات، وئەوەی تێیدا ڕێ دەكات خێرترە لەوەی تێیدا بە خێرایی دەڕوات

لە عوسمانی شەحامەوە دەڵێت: من وفەرقەدی سەبەخی ڕۆیشتین بۆ لای موسلیم كوڕی ئەبی بەكرە لەكاتێك ئەو لە نێو زەویەكەیدا بوو، چووینە ژوورەوە بۆ لای، ووتمان: ئایا بیستووتە باوكت هیچ فەرموودەیەك بگێڕێتەوە سەبارەت بە فیتنەكان؟ ووتی: بەڵێ، بیستوومە ئەبا بەكرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرموویەتی: «بە دڵنیاییەوە هەندێك فیتنە وئاشووب ڕوودەدەن، پاشان فیتنەیەك ڕوو دەدات ئەوەی تێیدا دانیشتووە خێرترە لەوەی تێیدا ڕێ دەكات، وئەوەی تێیدا ڕێ دەكات خێرترە لەوەی تێیدا بە خێرایی دەڕوات، ئەگەر دابەزی یان ڕوویدا وئەوەی وشتری هەبوو با بچێت بۆ لای وشترەكانی، وئەوەی مەڕوماڵاتی هەبوو با بچێت بۆ لای مەڕوماڵاتەكانی، وئەوەی زەوی هەبوو با بڕوات بۆ لای زەویەكەی»، پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چی سەبارەت بەو كەسەی كە نە وشتر ونە مەڕوماڵات ونە زەوی هەیە؟ فەرمووی: «شمشێرەكەی دەهێنێ ودەمەكەی دەدات بە سەر بەرددا، پاشان هەڵدێت ئەگەر توانی خۆی دەرباز بكات، ئەی خودایە ئاگاداری كە پێیانم گەیاند؟ ئەی خودایە ئاگاداری كە پێیانم گەیاند؟ ئەی خودایە ئاگاداری كە پێیانم گەیاند؟»، پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر بە ناچاریەوە حەزم نەكرد هەتاوەكو خرامە نێو ڕیزی یەكێك لە دوو كۆمەڵەكە، یان دوو لایەنەكە، وپیاوێك بە شمشێر لێمی دا، یان تیرێك هات وكوشتمی؟ فەرمووی: «گوناهی خۆی وتۆیش هەڵدەگرێت، ولە نیشتەجێبووانی دۆزەخ دەبێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عوسمانی كوڕی شەحام وفەرقەدی سەبەخی پرسیاریان لە موسلیم كرد، كە كوڕی هاوەڵی بەڕێز ئەبی بەكرەیە -ڕەزای خوای لێبێت- : ئایا هیچ فەرموودەیەكی بیستووە كە باوكی بیگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم- سەبارەت بە فیتنە وئاشووب وكوشتار كە ڕوودەدات لە نێوان مسوڵماناندا؟ ئەویش ووتی: بەڵێ، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕایگەیاندووە كە لە پاش مردنی ئەو فیتنە وئاشووب ڕوودەدەن، وئەم فیتنانە ئەوەی دانیشتووە وبێ ئاگایە وبەرەو ڕوویان ناچێت وبە دوایان ناگەڕێت خێرترە لەوەی تێیاندا ڕادەكات، وئەوەی تێیاندا ڕادەكات خێرترە لەوەی بە خێرایی دەڕوات لە نێویاندا وبە دوایاندا دەگەڕێت وبەشداریان تێدا دەكات. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێنموێنی ئەو كەسەی كرد كە فیتنەكە لە سەردەمی ئەودا دادەبەزێت یان ڕوودەدات؛ ئەگەر شوێنێكی هەبوو خۆی تێدا پەنا بدات با وا بكات، ئەوەی وشتری هەبوو ودەیانی لەوەڕاند با بڕوات بۆ لای وشترەكانی، وئەوەی مەڕوماڵاتی هەبوو ودەیانی لەوەڕاند با بڕوات بۆ لای مەڕوماڵاتەكەی، وئەوەی زەوی وكێڵگەی هەبوو با بچێتە بۆ لای زەویەكەی. پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بە كەسێك كە شوێنی نەبوو خۆی تێدا پەنا بدات و وشتر و مەڕوماڵات وزەوی نەبوو؟ فەرمووی: با چەكەكەی بگرێت وبیدات بەسەر بەردێكدا وچیتر بە كەڵكی بەكارهێنان نەیەت، پاشان ڕا بكات وخۆی ومنداڵەكانی ڕزگار بكات ئەگەر توانی. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سێ جار شاهێدی دا وفەرمووی: ئەی خودایە ئاگاداری كە پێیانم گەیاند؟ ئەی خودایە ئاگاداری كە پێیانم گەیاند؟ ئەی خودایە ئاگاداری كە پێیانم گەیاند؟ پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بەوەی ئەگەر ناچار كرام بە بەشداری لەگەڵ یەكێك لە دوو كۆمەڵەكە، یان دوو لایەنەكە، وپیاوێك بە شمشێر لێمی دا، یان تیرێك هات وكوشتمی؟ فەرمووی: گوناهی خۆی وتۆیش هەڵدەگرێت ئەوەی تاوانی كوشتنی ئەنجامدا، ولە ڕۆژی قیامەتدا لە نیشتەجێبووانی دۆزەخ دەبێت.